ئەم ئاودەستخانانە شەیتانەکانی تێدا ئامادە بن، بۆیە ئەگەر هەریەکێکتان چوو بۆ سەرئاو با بڵێت: (أعوذ بالله من الخبث والخبائث)

لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەم ئاودەستخانانە شەیتانەکانی تێدا ئامادە بن، بۆیە ئەگەر هەریەکێکتان چوو بۆ سەرئاو با بڵێت: (أعوذ بالله من الخبث والخبائث)*». *(واتە:پەنا بە خودا دەگرم لە شەیتانی نێر ومێ)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شوێنی سەرئاو کردن وئاودەستخانەکان جن وشەیتانەکان تێیاندا ئامادە دەبن، ولەوێ چاوەڕێ دەکەن بۆ ئەوەی زیان بە نەوەکانی ئادەم بگەیەنن وتووشی کێشەیان بکەن چونکە شوێنێکە تێیاندا عەورەت ئاشکرا دەبێت، وناوی خودا لەو شوێنانە ناهێندرێت، بۆیە دەبێت مسوڵمان ئەگەر چووە سەرئاو (توالێتەوە) بڵێت: (أعوذ بالله من الخبث والخبائث) (واتە: (پەنا بە خودا دەگرم وداوای پاراستنم لە ئەو دەکەم لە هەموو شەیتانێکی نێر ومێ).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10571